# ڕێگاوبانی شارەکانی کوردستان قەتڵگایەکی تر بۆ خەڵکی کوردستان!

لە خەزەڵۆری 1387 کۆبۆنەوەیەک بەحزوری فەرمانداری سەقز، کەریم ئەفشاریان و بەرپرسی گشتیی ڕێگا و هاتوچووی پارێزگای کوردستان، مەحەمەد سادق وجدی و بەرپرسانی ناوچـەکە لە شوێنی فەرمانداری ئەم شارە پێک هات، لەم کۆبوونەوەیەدا باس و لێکۆڵینەوە لە سەر پرۆژەکانی ئاوەدانی کوردستان لە بەشی ڕێگا دروستکردندا لە شاری سەقز هاتە هەڵسەنگاندن.

بەرپرسی گشتیی ڕێگای هاتوچووی پارێزگاری کوردستان لەم کۆنۆنەوەیەدا گوتی: *"بودجەی پارێزگای کوردستان لە ساڵی رابوردوودا 870 ملیارد ریاڵ بووە، بەشی ڕێگاکانی سەقز لەم بودجەدا 12،5% ـە"*. پارێزگاری کوردستان دەڵێت: *"دروستکردنی تەیارەخانەی سەقز بەدەرسەدێک پێشکەوتنەوە خەریکی جێبەجێ کردنە، دروستکردنی ڕێگای گەورەی نێوان کرماشان و میاندواب لە ناوچەی سەقزەوە بەدەرسەدێک پێشکەوتنی بووە، و لەنێوان سەقز و بۆکاندا 4% پێشکەوتنی بووە،* لەسەر ڕێگای گوندەکانی ئەم ناوچەیەدەڵێت: *"نەبوونی تەناسوب لە نێوان بودجەو هەلومەرجی ڕێگای گوندەکان و جوگرافیای ئەم دەڤەرە و بێ مەیلی پەیمانکاران بۆ قەبوڵکردنی و بەستنی گرێبەست لە گرنگترین گیروگرتەکانی دروستکردنی ڕێگاکانە"*.

*لە 87 ملیارد تەمەن بودجەی "پارێزگای کوردستان"* (سنە، سەقز، بانە، مەریوان ، دیواندەر، کامیاران، قوروە، بیجار، دەگلان، سەرێشاوا و ...) 6 ملیارد و 96 ملیۆن تەمەن ( نێزیک بە 535 هەزار دۆلار، ئەگەر ئاستی خوارەوە هەر دۆلارێک بە 1300 تەمەن حیساب بکەین)، بـۆ دروستکردنی ڕێگای هاتوچوون لە ناوچەی سەقز ترخان کراوە!

بۆ خەڵکی سەقز و گوندەکانی سەر بەمشارە جێگەی پرسیارە، بەڕاستی چۆن دەکرێت بەنیو ملیۆن دۆلار تەیارەخانە، ڕێگای گوندەکان، ڕێگاکانی سەقز بەرە و شارەکانی تر بە پێی جوگرافیای ئەم شارەڕۆ لەپێشکەوتن و ئاوەدانی بێت؟

زۆر سەیرە بەرپرسی گشتیی ڕێگای هاتوچووی ئەم پارێزگایەدەڵێت: *"نەبوونی تەناسوب لەنێوان بودجەو هەلومەرجی ڕێگای گوندەکان و جوگرافیای ئەم دەڤەرە و بێ مەیلی پیمانکاران بۆ قەبوڵکردنی و بەستنی گرێبەست لە گرنگترین گیروگرتەکانی دروستکردنی ڕێگاکانە"*. دیارە تەناسوب و بالانسێک لەنێوان بودجەی ترخانکراو و خراپی ڕێگاوبانی گوندەکان نییە بۆ دروستکردنەوە، هەر بۆیەهیچ پەیمانکارێک مەیلی بەستن و قەبووڵکردنی گرێبەستی وەهای نییە. هەر بە ڕووانینێکی سەرپێیی لە قەیرانی ئابووریی ئێران و بێ مەیلی و نەتوانستی کاربەدەستان بۆ چارەسەرکردنی و بە پێی گرانی و دەستنەکەوتنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵک دەردەکەوێت کە ئەو بودجەی بۆ دروستکردنی ڕێگاکانی هاتوچوو بەشاری سەقز براوە، بەشی 15 کیلۆمتر بە دەوری ئەم شارەدا بەرەو شارەکانی تر و گوندەکانی ناکات، ئەگەر جەنابی فەرماندار هەموو پەیمانکارەکانی ناوچـەی سەقز کۆبکاتەوەو هەموو بودجەی ڕێگای ئەم ناوچەیە (535 هەزار دۆلار) لە ئیختیاریان دابنێت، بێشک کەس کریاری نابێت. چوون بەهیچ کوێدا ناگات.

دەسەڵاتدارانی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی لەکوردستان هەموو پلانەکانیان لە سەر بناخەی ئیستراتژیەکە کەلە کوردستاندا دایانڕژاندووە، ئەویش ئەوەیە کە هیچ کات کوردستانیان بەبەشێک لەخاکی ئێران نەزانیووە، بەڵکو خودئاگا دەزانن داگیریان کردووەو هەر بەو شێوەیەو لە سەر ئەو بناخەیە مامەڵەی لە گەڵ دەکەن. سیاسەتی "یەک بان و دووهەوایی" و "زڕباوکیی" پیاوسالارانەی دەوڵەت لە کوردستان بە هەموو شوێنێکەوە دیارە. بەپێچەوانەی پێداگرتنی زۆر حیزبی سونەتی کوردستان کە زیاتر کوردن وەک لەوەی کوردستانیی بن و هەندێکیان بە ئاشکرا خۆیان بە ئێرانی دەزانن و هەندێکیان بەکردەوەدەیسەلمێنن، ئەوا ئەوەی کە ڕۆژانەخەڵکی کوردستان دەیبینن دوواخستنی ئەم گەلەیەلە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەمافی نەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤی سەردەم تا بەدواکەوتوویی لەپیشەسازییدا، کۆمەڵگایەکی بێکار، موحتاج و بێ داهاتی بە زەبری هێزی چەکداریی لەزیندان کردووە، خنکاندنی پۆتانسیالی کۆمەڵگا لەڕێگای داسەپاندنی کولتوری ئایینی و مـادەبێهۆشکرەکانەوە، نائەمنکردنی ژیانی ئاسایی خەڵک لەڕێگای بێ حورمەتیکردن بەژنان و کچان لەسەر ڕێگای هاتوچوویاندا و دەیان و سەدان کەند و کۆسپی تر کەبۆ خەڵکیان دروست کردووە.

بەهەمووی ئەو دەردومەینەتانەوەبۆ خەڵکی کوردستان لەلایان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیەوە لەم وڵاتە، ڕۆژ نییە کە ڕێگاکانی کوردستان بە دەیان کەس لەخەڵکی هەژاری ئەم گەلە بندەستە نەبن بەقوربانی وەرگەڕانی ماشین، ڕۆژ نییە لە گوندەکان و شارەکانی کوردستان بەبنەماڵە پرسە و سەرەخۆشیی تێدا نەبێت لە پێناو بەرتەسکیی و ویرانی ڕێگاکان و دەیان هۆی تر، کە کەسوکاریانی تێدا دەبێت بە قوربانی. ژمارەی تەسادەفەکان و قوربانیانی لە نێوان سەقز و بانە، سەقز و دیواندەرە، سەقز و بۆکان، سەقز و مەریوان و تەنانەت گوندەکانیش لەسەر سایت و ڕۆژنامەکان سەنەدێکی زیندووی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانەن کەخەڵکی ئەم شارەهەر وەکوو باقی شارەکانی تری کوردستان لە گەڵی ڕووبەڕوون.

خەڵکی شاری سەقز سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگای هاتوچووەکانیان بۆ جێبەجێ ناکەن، لەشەقامی شارەکەیشیاندا هەر وەکوو ڕێگای نێوان شار و گوندەکان بەهۆی هێندێک قاچاچچی خاوەن ماشێن بەنێوی 3ئەف ـەوە ئاسایش و ئەمنیتیان بەتەواوی لێبراوە و زۆر

وەخت بەقروقکردنی شەقامەکانی شاردەبنە هۆی نائەمنی و ئاسایشی خەڵکی شارەکە، 3ئەفەکان ڕیزیان بۆ ژیانی خەڵکی شارەکەنییە، لە خەڵک ناپارێزن و وەستانیان بۆ نییە، لە ژێر نێوی دەربازبوون لە دەستی پۆلیس و پاسدار، خەڵک و ماشینەکانی بەبێ هیچ نیگەرانیەک وەبەر دەدەن، کە دیارە پاسپۆرتی سەوزیان لەلایان باندەکانی دەسەڵاتدارەوەلە گیرفاندایە، هەر بۆیە ئاوا بەگۆستاخی خەڵک و ماشینی سیۆیل دەکەن بەژێرەوە.

بێشک ئەمیش شێوەیەکی ترە لەزەخت و زۆرکردن بۆ سەر خەڵکی شاری سەقز لەلایان دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامیەوە، ئەگەر وانییە زۆر بێ‌مانا دەبێت کەچەند کەسێک بەماشێنەکانیانەوە بەم شێوەیەمایەی نائەمنی، دەردەسەر و نیگەرانیی خەڵکی شارەکە بن.

داگیرکارانی کوردستان تا ئەو ڕۆژەی دەست لە سەر کوردستان هەڵدەگرن، بەخاترجەمیەوە کوردستان داگیرکراوەو ئاوەدانیی بەخۆیەوە نابینێت، خاترجەم ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵکی کوردستان مسۆگەر نابێت، 29 ساڵەدەسەڵاتدارانی داگیرکار کۆبوونەوە دەکەن، قەولی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەدەن، بودجەی چەند سەد ملیارد ڕیاڵی بۆ تەرخان دەکەن، بەڵام بۆ نموونە، تەیارخانەی سەقز و ڕێگاوبانی سەقز هەر لەجێگای خۆیەتی. جادەکان هەر قوربانی خۆیان وەردەگرن، نەخۆشی شارەکانی کوردستان هەر بەرێگای تەورێز و تارانەوەیە، کرێکاری کورد هەر بەرێگای کورەخانە و کۆمپانیاکانی ئیسفهان و تاران و تەورێزەوەیە. ئەمە ئاکامەکانی نەتەوەیەکی داگیرکراوە.

خەڵکی کوردستان هەر وەکوو گەلانی پێشکەوتووی جیهان شایستەی ئەوەن کە ئەمنیت و ئاسایشیان هەبێت، ڕێگاوبانی باشیان بێت، وڵاتێکی ئاوەدان و پێشکەوتوویان بێت، کار و تەندروستیان بێت. ئێمە لە تێگەیشتنمان لەسیاسەتی کۆلۆنیالیزم و لە مێژووی داگیرکەریی و ئازادیخوازییەوە گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە ئەم کارە لانی کەم بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیموکرات و دادپەروەر دەکرێت. پارتی سوسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) لە پێناو هەموو ئەوانەدا تێدەکۆشێت کەشیاوی مرۆڤی کوردیشەهەر وەکوو هەر مرۆڤێکی تر.

هێزی داگیرکاری ئێران لەکوردستان بۆ دەرەوە!

*هێرش عەلیزادە* *بەشی پێوەندیەکانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان* (*ڕۆژهەڵات*) 15-11-2008

---

* پارێزگای کوردستان بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سنە، سەقز، بانە، مەریوان ،دیواندەر ، کامیاران، قوروە، بیجار، دەگلان، سەرێشاوا و ...) دەگرێتەوە کە لە دابەشکردنی ئوستانیدا ناوی نراوە"ئوستانی کوردستان". ئاشکرایە ئەم کارە بە ئامانجی سیاسییەوە ئەنجامدراوە و بەشی هەرزۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ئوستانی دیکەدا دابەشکراوە.